# وەڵامێ لەحاکم قادرەوە بۆ کاک کونجرینی

زۆر لەو کەسانەی دەنوسن، بێ بنەماو بێ بەڵگەو بوختانو لەکەدارکردنە چونکە دوورن لەڕاستییەوە. کەبەشێوەیەکی گشتی نوسین لەسەر هەڵەو کەموکوڕی، کەکەس بێ هەڵەو کەموکوڕی نییە، بەتایبەت کاربکەیتو لێپرسراوێتی بگریتەئەستۆ، کە لەوپۆستەدا لەبەرژەوەندی کەسانێك درابێت، کەویستبیان کاری نارەواو نایاسایی ئەنجامبدەنو رێیان پێ نەدرابێت.

ئێمە، رەخنەو گلەیی بەجێو پێشنیارو گازندەمان قبوڵەو بەسنگێکی فراوانەوە وەریدەگرین، بەمەبەستی چارەسەری هەڵەو کەموکوڕییەکان چونکە هەمیشە لەناو خەڵكو راوبۆچوونە جیاجیاکاندا هەڵسوکەوت ئەکەین، رابووردوو، واتە شۆڕشو خەباتو پێشمەرگایەتی بەشێکە لەمێژووی نەتەوەکەمان، بەنوچدانو سەرکەوتنەکانیەوە بەهەڵەو پەندو دەرسەکانیەوە..

خوێنی شەهیدانو خەباتی نهێنیو خەباتی پێشمەرگایەتیو خۆڕاگریی زیندانە سیاسیەکانو ئەنفالو کیمیابارانو هەڵەبجەو خۆڕاگریی کەسوکاری پێشمەرگە لەزیندانەکاندا، ئەم بەرهەمەی ئێستای لەکوردستاندا خوڵقاند، بۆیە دەبێت بیپارێزین، گەشەی پێبدەینو کارو خزمەتگوزاریو ئاوەدانی زیاتربکریو ئەزمونەکەمان کەهی (سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکە) گەشەی پێبدریو دەوڵەمەند بکریو کەموکوڕییەکان چارەسەربکری.

کاك کونجرینی، حەز دەکەم بزانی، زۆر لەو کەسانە دەناسم چی بوون، چ کارەبوون، هەڵوێستیان چۆن بووە، بۆ وەڵامی ئەوەی لەسەر کاك وەستا تۆفیقی خەزورمە، باوەڕت بێت خەزوری من نەبووایە ناوی نەدەبرا. بەڵام دڵنیابە هەرگیز خاوەن تاکسی نەبوە.

1-لەساڵی (1980) وەکالەتی داروتەختەی هەبوە بەژمارە (84) لای مزگەوتی دوودەرگا پاش بوونی بەپێشمەرگە، ماوەیەك کاك مەحمود رەزا بۆی دەبرد بەڕێوە چونکە ئاشناو دۆست بوونو بەیەکەوە کاری نهێنییان دەکرد. (بۆ راستیو دروستی ئەم قسانەش دەتوانن پەیوەندی بەکاك مەحمود رەزا-وە بکەن) پاشان لەلایەن رژێمەوە حجزی خرایەسەرو لێیان سەندەوە، درا بە(فاروقی حەمەی نائیب زابت) لەسلێمانی.

2-بازاڕی ماردین-یان هەبوە، کە لەو گوزەرەدا یەکەم بازاڕ بووە لەسەر شەقامی سالم بەرامبەر ئیدارەی گشتی ئێستاو لەخوار بارەگای بەڕێز کاك محەمەد حاجی مەحمودی سکرتێری حزبی سۆسیالیست کە لەساڵی (1980و 1981) دروستی کردووە (زەویو بازاڕەکە) هی خۆیانە.

3-لەساڵی (1980) سێ خانووی هەبووەو لەگەڵ چەندین موڵکی خۆی، خۆشی پیاوێکی کاسب بووە، ئێستاش کاسپی دەکاتو وە (سایەق تاکسی بوون، لەگەڵ ئەوەی عەیبە نییە، دەیان سایەق تاکسی، شوتی فرۆش، دەستگێڕی عەرەبانە، پۆلیسو نانەواچی، خوێندکارو مامۆستاو کۆنە سیاسی.. ئێستا خاوەنی بازاڕنو بازرگانو موستەسمیرن) بەئازادی کاریان کردووەو پێگەیشتوون، کە هیچ کەس باسیان ناکات، بۆ نموونە ئێستا تەنها لەشاری سلێمانیدا زیاتر لە(2000) دووهەزار کەس خەریکی کاروکاسبیو ئیشکردننو لەبازاڕدا بازرگانو ملیۆنەرن بە دۆلار، مارەیەکی تریش هەن لەسەرو ئەوانەوە.

حاجی سلێمانی برای من، (دیارە زانیارییەکەت کۆنە) چونکە لەدوای بەیانی (11)ی ئازاری 1970وە پۆلیس بووە ئەوکاتە لەجیاتی عەسکەری دەبوونە پۆلیس، لەساڵی 1975 پێشمەرگە بووە لەشۆڕشی ئەیلول، لەساڵی 1976- ەوە لەهیچ دامودەزگایەکی رژێم کاری نەکردووە، نەپۆلیسی، نەعەسکەری، وە نەشتی ترو خەریکی کاسپی بووە، وە پاسی هەبووە لەخەتی سلێمانی- هەڵەبجە لەگەڵ تراکتۆر بۆ کاری کشتوکاڵی هەبووە.

ئەوەی تۆ دەیڵێیت کەپۆلیسی ئیجرام بووە، هی 34 سیو چوار ساڵ لەمەوبەر بووە، کاکە کونجرینی.. کەئەمە تەمەنێکە، لەساڵی 1976و 1977 بەسەیارەی خۆی چووە بۆ حەج، کارو پیشەی ئازادو کاسپی دەکات، دوور لە(کاری حکومیو حزبیی)، بەهیچ جۆرێ لەحکومەتی هەرێمو لەیەکێتیی نیشتمانیو لەدەسەڵاتی من سوودمەند نەبووە، بۆ کارو کاسپی، باوەڕت بێت لێم نزیك نییە. نەپرۆژەی وەرگرتووە لەسایەی حکومەتی هەرێمدا، نەزەوی بازرگانی، نەزەوی گەشتوگوزار، بۆیە دەڵێین بێ منەتین، تەنها پیاوێکی کاسبەو هیچی تر، رەنگە بەهۆی منەوە تووشی زیان بووبێت، نەك قازانج.

بۆ نموونە وەکالەتی ئەشیای ئۆتۆمبیلی هەبووە لەشەقامی نالی لەگەڵ مامۆستا باقی برای بلەی سەعە کەڕ-دا، تا منو دووبرام بووین بەپێشمەرگە کە بووین بەپێشمەرگە وەك سەرجەم کەسوکاری هەموو پێشمەرگەیەك:

1-وەکالەتی حیجزکراو لێیان سەندەوە.

2-تووشی گرتنو راکردنو خۆشاردنەوەبوو.

وە برای ترم هەیە، ژیانی ئاسایی وەك هەموو هاووڵاتییەکی تر دەبەنەسەر، لێرەدا ئەو پرسیارە لەجەنابت دەکەم (ئاخۆ گەر توانیبێتم ئەوە بۆ خەزورمو برایەکم بکەم کەئیدیعای ئەکەن، ئەی بۆ بۆ ئەوانی تری ناکەم؟)کە ئەمە پرسیارێکی زۆر مەنتیقییەو جێی ئەوەیە کەئەوانەی بەم ئاڕاستەیە بیردەکەنەوە بێنو واقیعەکە لەنزیکەوە ببینن، ئەوسا بڕیاری پەشیمانبوونەوە دەدەن، مەرج نییە ئەوەی کەسوکاری مەسئولە هەمووی وەزعی باش بێ! زۆر کەس بەکارو کاسبی ئازاد وەزعیان باشە. بۆیە تەئکید دەکەمەوە کەئەوانەی مەرکەزو دەسەڵاتیان بۆ کەسوکاریان بەکاردێنن، خەڵکی گەندەڵونامەسئولو ناشۆڕشگێڕو نانیشتمانیین لای من.

سەبارەت بەتەوەرێکی تری قسەکانت، بەڕێز ئێمە وەك شارەوانیو ئەنجومەنی شارەوانی دەڵێین، موڵکی کەسمان داگیر نەکردووە. ئەو بینایەی شارەوانی تێدایە، چەند بەشێکە، بەشێکی هی ئیدارە محەلییە، بەشێکی کەمی هی ماڵی کاك ئەحمەدی مەلا قادرە، بەڕێزت دەڵێیت هەر ناوێرن باسی بکەن، بەڵام وانییە. ئەوان هاتوونەتە لامان، قسەمان لەگەڵ کردوون، بۆ ئیستبدالکردنیو پێدانی مافی قانونییان، بۆ ئەم مەبەستەش لەنزیك "چێشتخانەی ئاوا" زەویمان بۆ دابینکردن تا لەڕێگای دادگاوە بۆیان ئیستبدال بکرێ، بەڵام قبوڵیان نەبوو، چونکە خۆیان بەمەغدور دەزانی، ئەتوانی لێیان بپرسیت، ئێستاش لەگفتوگۆو هاتوچۆدان بۆ لامان. بۆچارەسەری ئەو مەسەلەیە کەدەمەوێ دڵنیابی لەتوانای هیچ کەسێکدا نییە بەزۆر بستە زەوییەك داگیربکات لەخەڵکی تر لەم ناوچەیەدا، گەر وانییە؟ با وەڵام بدەنەوە. هەرچەندە ئیستبدال لەڕێگای دادگاو یاساوە دەبێتو کەس غەدری لێ ناکرێ. وە ئەم ئیستبدالەش لەهەموو دنیادا هەیە بۆچی لای ئێمە بەو غەریبیە سەیردەکرێ! گرنگ ئەوەیە دادگاو یاسا باڵادەست بێ لەیەکلاکردنەوەیدا.

کاکە گیان نازانم کاك هاشم کێیە؟ کەچەند دۆنم موڵکی کاك ئەنوەری داگیرکردووە. حەزدەکەم بەفاکس بۆمان بنێریت، وە لەگەڵ ئەو کاك ئەنوەرە قسە بکەیتو رەقەمی زەوییەکانی بنێرێ بۆمان، تاوەڵامی راستو دروستی بدەینەوە، چونکە ئێمە دڵنیاین لەخۆمان وەك شارەوانیو ئەنجومەنی شارەوانی، موڵکی کەسمان داگیرنەکردووەو رێگەشمان نەداوە بەهیچ کەسێ موڵکی خەڵکی تر داگیربکات..

كاك كونجرينى، باوەڕت بێت، زۆرجار قسەو قسەلۆكى وا دەبيستم كەڤێزم لێى دەبێتەوە، لەبەرئەوە لەكەسانى پاشەڵپيس‌و گەندەڵ هيچ قبوڵ ناكەين.و ناچاريشە هەندێجار قسە بەقسە وەڵامبدەينەوە.

بەڵام بەڕێزت، وتەو نوسينەكانت جيايە لەهى كەسانى تر، بەس نييە دوو ژمارەو دوو ناوى واى تيايە كەژيانى مرۆڤ بيستبێتى، باهەڵەش بن يان بەدواداچونت بۆ نەكردبن. بەڵام لكەداركردن، قسەو بوختان بۆ قبوڵ بكەين لەكەسێ كەنەوێرێ ناوى سيانى خۆى‌و پيشەو شوێنى دانيشتن‌و رەقەمى تەلەفۆن‌و فاكسى خۆى ئاشكرابكات؟ كەئەوەى دەيخوێنێتەوە بەدرۆكانى دەخەنێ‌و بەس. ئەوانە گەر مەبەستى بۆگەنيان لەپشتەوە نەبێ، بڕوات بێ وا نانوسن، وا درۆو بوختان هەڵنابەستن..

حەزدەكەم لەخزمە كونجرينييەكانت بپرسى، كارو ئيشەكان چۆن دەڕوا لەسلێمانى؟ وەكاميان غەدرى لێكراوە.

داواكارم لێت ئاگادارى ئەو كەسانە بكەيت كەدەڵێن غەدرمان لێكراوە، بەنامە، بەفاكس ئاگادارمان بكەن، ئێوە ببنە وەكيلى ئێمە تا خزمەتى زياتر بكەين، هەرچەندە:

1-دەرگاى شارەوانى و ئەنجومەنى شارەوانيى كراوەيە بۆ هەموو كەس، دەتوانيت پرسيار بكەيت.كە رۆژانە چەندين هاووڵاتى سەردانمان دەكەن، لەوانە خەڵكى قەزاو ناحيەكانيش كە ئيشيان لاى ئێمە نييە.

2-پرۆژە خزمەتگوزارييەكان بەردەوامە لەشارەكەمان، كە واجبى سەرشانمانە بەمەبەستى خزمەتكردنى شارەكەمان، كەشارێكى غەدرلێكراوبووە بەشارو خەڵكەكەيەوە لەسەردەمى رژێمدا.

3-هەموو رەخنەيەكى بەجێ‌و زانستييانەو گلەيى‌و گازندەيەكمان قبوڵەو لەخزمەت هەموو كەسێكداين بۆ دوارۆژى نەتەوەو ميللەتەكەمان.

ئێستاش زۆر لەگەڕەكەكان، پرۆژەى ئاوەڕۆو ڤيرتاوو كۆنكرێتى بۆ كراوە، زياتر لە(32) پرۆژەى ئاوەڕۆى سندوقى جێبەجێكراوە، لەسەردەمى ئەنجومەنى شارەوانيدا. كەبەتەنها ئەمە هى ئەوەيە بەدەستكەوتى دابنێين‌و شانازى پێوەبكەين.

من سوپاسى هەموو لايەك دەكەم كەهەوڵدەدەن تا باشترين جۆرى رەخنەگرتن بۆ گەشەپێدانى تەلارى ديموكراسى‌و حوكمڕانێتى كوردى ئاڕاستەبكەن، بەڵام تكادەكەم، با گفتوگۆو مەنتيق بێ، نەك بەزاندنى ئەم سنورە. لەگەڵ رێزى برايانەم.

2005-11-15